# کیژێکی ئەمریکی گەردنگیری ئیسلام دەبێت

[ kurdish – کوردی – كردي ]

## شێخ محمد جەمیل زینۆ

وەرگێڕانی: ئومێد عمر چرۆستانی

پێداچوونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2015 - 1436

IslamHouse.com

# فتاة أمريكية تعتنق الإسلام

« باللغة الكردية »


محمد بن جميل زينو


ترجمة: أوميد عمر علي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز


2015 - 1436

IslamHouse.com

# کیژێکی ئەمریکی گەردنگیری ئیسلام دەبێت

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

ئاینی ئیسلام تاکە ڕیگایە بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی .

١- هاجەر ناوی تازەی ئەو کیژە ئەمریکیەیە کە پێشتر ناوی (لیامیلا) بوو، هاجەر تەمەنی بیست وهەشت ساڵە، وخوێندکاری بەشی کۆمەڵایەتیە لە زانکۆی میزۆری لە ویلایەتی –کولومبیا - .

٢- پێش لە دوو ساڵ دەستی کرد بە لێکۆڵینەوەیەکی چڕوپڕی جیدی لە پێناو گەڕان بەدوای ئەو ڕاستیانەی کە زۆربەی خەڵکی سەرقاڵ کردووە، وبەدرێژای ماوەیەکی زۆر لە ڕۆشنبیری مادی ئەمریکی بەدی نەکردبوو، بەڵام دوای دوو ساڵ لە لێکۆڵینەوە و گەڕان و تێڕامان لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام (لیامیلا) ناوی خۆی دەگۆڕێت بۆ هاجەر و گەردنگیری ڕێنومایيەکانی دەبێت، لەم

باریەشەوە دەڵێت : ناوی هاجەر بەلایەوە زۆر خۆشەویست بوو، چونکە پەیوەندیەکی تەواوی بە ئیسلامەوە هەیە.

٣- هاجەر لەبارەی ئەزمونی خۆیەوە دەڵێت : ماوەیەکی زۆر بوو کۆمەڵێك پرسیاری زۆر لە بیر وهۆشمدا لەبارەی گەردوون و بونەوەر وژیانەوە خولیان دەخوارد کە هاندەرم بوو بۆ لێکۆڵینەوە وبیرکردنەوە لە وەڵامی ئەم پرسیارە فەلسەفیانە، بەڵام بەڕاستی لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەم لە ڕۆشنبیری و شارستانیەتی مادی ئەمریکیدا وەڵامێکی وام بەدی نەکرد کە دڵم ئارام بکاتەوە وباوەڕم پێ بهێنێت، لە ڕوانگەی ئیسلامیشەوە جار جارە گوێم لە هەندێك وەڵام دەبوو، بەڵام بە شێوەیەکی ناڕوون لە بیر وهۆشمدا نەك هەر هێندە بەڵکو بەشێوەیەکی تێکدراویش پێشاندەرا لام لەلایەن نەیارانیەوە، وایان تێگەیاند بووم کە ئیسلام ئاینێکە جیاوازی دەخاتە نێوان پیاو وئافرەتەوە، ئاینی توند وتیژی ودڵ ڕەقیە، بۆیە هەروا بە نەزانی ونەشارەزایی مامەوە لە بارەی ئیسلامەوە، تا ئەو کاتەی هەستم کرد بە پاکژی ئیسلام وتەحدا

کردنی تەواوی هێزە مادیگەراکان، ئیتر لەو کاتەوە دەستم کرد بە خوێندنەوە ولێکۆڵینەوە لەسەر ئیسلام وتەعالیمەکانی، بەڕاستی لە سەرەتاشەوە ئەم گەڕان ولێکۆڵێنەوەیە زۆر قورس وگران بوو بەلامەوە، چونکە کاتێك دەستم پێکرد پەرتووکێکی لەو شێوەیە نەبوو بە زمانی ئینگلیزی کە جێگا متمانەی من بێت، ئەوەی هەبوو زۆرێکی دەیوست وێنەی ئیسلام لای خوینەرانی بشێوێنێت، بەڵام هەر لەسەرەتاوە هەستم بە خۆشویستنی ئیسلام کرد لەدڵ ودەروونمدا، کە ئاینی دادپەروەری و ویژدانە، ئازادی دەدات بە تاکەکان، لەهەمان کاتدا بەرپرسی دەکات بەرامبەر تەواوی گوفتار وکرداری خۆی، بۆیە بە تێپەڕ بوونی کات ووردە ووردە زانیاری و تێگەیشتم لەسەر ئیسلام زیادی دەکرد، تا ئەو کاتەی خوای گەورە ڕێنومایی کردم بۆ ئیسلام و هیدایەتی دام کە گەردنگیربم پێوەی ..

خوای گەورە بە ناو و صیفەتە جوان وپیرۆزەکانت لێت دەپاڕێینەوە کە هیدایەتی تەواو ئەو کەسانە بدە کە بەدوای

ڕاستی وهەقیقەتدا دەگەڕێن ..

سەرچاوە : پەرتوکی : ( تكريم الإسلام للمرأة )

نوسینی : شێخ محمد جميل زینۆ ..